# شێعرێک بۆ تۆ




ئەو داغە شەرماویە کە پێ دەکەنێ،
بە تیر و تانەی بی ئەنجام، من بووم
ویستم کە بانگەوازی بوونی خۆم بم،
بەڵام ئاخ و دەرد کە، ژن بووم!

لێرە ئەستیرەکان هەموو کوژاونەتەوە!
لێرە پەریەکان هەموو شیوەن دەکەن!
لێرە شکۆفەی گوڵی مریەم
لە دڕکی بیاوان بێ قیمەت ترە!

لە گەڵ ئەم درۆزنە، ساختەچیانە،
ئەزانم کە جەنگ نا ئاسانە!
شاری من و تۆ ڕۆڵەی شیرینم،
دەمێکە کە هێلانەی شەیتانە!

**وەرگێڕ خالد امین، (لە دیوانی فروغ فەڕۆخزاد، "شعری برای تو")**